# ڕەوشتی دەنگدان

## ئەگەر کانت لە کوردوستان بێت چۆن دەنگ ئەدات؟

سەردار عەزیز-ئایرلەند

لە زانستی سیاسەتدا، چۆنێتی دەنگدان و چی وا لە هاولاَتیەک ئەکات بەجۆرێک دەنگ بدا کە لەئەوانی تر جیابێت، دەوترێ ڕەوشتی دەنگدان. ڕەوشت لێرەدا بە مانای ئەو بریارە دێ کە خودی کەسێک ئەیدات وە لە خودی کەسەکەدا تەواو دەبێت. بە پێچەوانەی ئاکارەوە کە کەسێک بەجێی دێنێ لە بەر ڕێتمی ناو کۆمەڵ. دەنگدان بریارێکی سادە نیە. تەنها بریتی نیە لە کارت خستنە ناو سندوق. بەڵکو ئامادەبوونی کەسێکە بۆ ئەوەی کەسێکی تر بە نوێنەری خۆی هەڵبژێرێ، کەسێک بۆ ئەوەی داکۆکی لە بەرژەوەندی و مافەکانی بکات (بۆیە بەم شێوازە دیموکراسیە کە ئەمرۆ باوە دەڵێن دیمۆکراسی ناراستەوخۆ بە پێچەوانەی دیموکراسی سەردەمی کۆنی یونان کە دیمۆکراسی راستەوخۆبوو). بە نوێنەرکردنی کەسێکی تر بەخشینی دەسەلاتە بە کەسێکی تر، یان بە مانایاکی تر هەبوونی ئامادەییەکە بۆ ئەوەی خۆت وەکو کەسێک لە دەسەلات بخەی. چونکە کەسی نوێنەر، بە تەنها نوێنەرایەتی تاکەکەسی تۆ نیە، نوێنەری زۆری تریشە لە ئەنجامدا تۆ دەبیتە رێژەیەکی بچوک. بۆیە گرنگە بۆ ئەوەی بەرزترین رێژەت هەبێ، هاودەنگەکانی خۆت بدۆزیتەوەو ئەو کەسە بکەیتە نوێنەر کە بە دونیای تۆ ئاشنایە. لە هاودەنگی دا ژمارەی کێشەکان کەم دەبنەوە لە بەرامبەردا رێژەی نوێنەرایەتیکردن بەرزدەبێتەوە. لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا کە چین و توێژە کۆمەڵەیەتیەکان تیا تا رادەیەک چەسپیوە، زارەوەی (کلیڤج) بەکاردێت.( کە لە بنەرەتا لە زانستی زەویناسیا(جیولۆجی) بۆ دیاریکردنی چینەکانی زەوی بەکاردەهات.) بۆ دەربرین لە ئەو ماهیەتە کە کۆمەڵێ خەڵک کۆ ئەکاتەوە بۆ ئەوەێ بەشێوەیەک دەنگ بدەن. دەکرێ بپرسین، ئایا هیچ کلیڤچێک لە کۆمەڵگای کوردیدا هەیە؟

ئەگەر پرۆسەی دیمۆکراسی سەقامگیربێت ئەوا ئەگەر(تۆو)ی چەند کلیڤجێک هەیە. هەندێکیان کلیڤجە ترادیشنەڵەکانن(لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا هەن) وەک چەق(شار) پەراوێز(لادێ)، بۆ نموونە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر کەسێکی لادیی کەسێکی شاری بە نوێنەری خۆی هەڵبژێرێ، بە پێچەوانەشەوە. هەژار دەوڵەمەند، هەرچەندە ئەم کلیڤجە ئامادەییەکی فیزیکی هەیە بەلاَم وەک هەست لاوازە، لە بەر لاوازی کەلتوری چەپ و نەبوونی دەوڵەت. کلیڤجی ناوچەیی(بادینان- سۆران) ئەم کلیڤجە لە هەموو ئەوانی تر بەهێزترەو لەم سالاَنەی دوایشدا لە هەموو کلیڤجێکی تر زیاتر کاری لەسەر کراوە چ بە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ. کلیڤجی عەشیرەت، هێشتا ئامادەییەکی باشی هەیە لە هەندێ لاوە کاری بۆ ئەکرێ، وەک عێلی جاف، بەلاَم بە گەشەکردنی دیموکراسیەت و سەرهەڵدانی تاک دەکرێ هەرزوو بڕەوێتەوە، هەرچەندە گەرەنتی نیە. هەندێ کلیڤجی تر کە ڕەنگە لە داهاتودا زیاتر سەقامگیربن وەک کلیڤجی، ئاین بەرامبەر عەلمانیەت.

هەوڵدان بۆ خوێندنەوەی ڕەوشتی دەنگدەر لە کۆمەڵگا نا دیموکراسی و تازە دیمۆکراسیەکانا هەردەم ئاسان نیە. کە دیمۆکراسی لاوازە، یانی تاک لەدایک نەبوە، کەسێک بەئاسانی و بە تێگەیشتنی خۆی بریاری بۆ نادرێ. لەلایەکی ترەوە، لە کاتێکا ئێمە لە دونیایەکا ئەژین کە لیبراڵ دیموکراسی تیا بالاَدەستە، هەندێک بڕوایان وایە کە دوا ئایدەلۆژیایە؛ فۆکۆیاما، ئەوا نەبوونی دیموکراسی لە هەمانکاتدا قەیرانی ئابووری لە گەڵ خۆیا دروست دەکات. چونکە نەبوونی دیموکراسی لە هەمانکاتا یانی نەبوونی هەمائاهەنگی لە گەڵ دونیادا. بۆیە هەندێک بۆ داکۆکی کردن لە سەر پەیوەندی نێوان دیمۆکراسیەت و ئابووری، سەرکەوتنی دیمۆکراسی بە برِی داهاتی تاکەوە ئەبەستن؛ بۆ زیاتر ئاشنابوون لەم بارەوە دەتوانرێ بۆ نوسینەکانی بیریاری هیندی ئەمریکی فەرید زەکەریا بگەرێنەوە. بۆیە بۆ ئەوەی پێوەرێکی راستەقینەمان هەبێ ئەوا ئەبێ، دەزگاکان، باری سیاسی، باری ئابووری جێگیربن. چونکە لەسەردەمی قەیراندا هەندێ کێشە ئەوەندە هەڵئەئاوسێن کە جێ بە کێشەکانی تر لەق ئەکەن یان زۆر چار دایئەپۆشن. دەکرێ ئەمە وەک گەمەیەکی سیاسیش بەکاربێت.

ئایا کورد چۆن دەنگ ئەدات؟ ئایا دەنگ دان پرۆسەیەکی دیمۆکراسیە یان ئاینی؟ وروژاندنی ئەم پرسیارە بەو مەبەستەیە کە ئایا لە کاتێکا مەبەست لە دیموکراسیەت بەخشینی یان پێدانی دەسەلاَت بۆ خاوەنە راستەقینەکانی خۆی کە خەڵک یان تاکە، بەو شێوەیە تێئەروانرێ یان وەک تێگەیشتنێکی ئاینی.

با بۆ ساتێکی کەم کانتیانە بیرکەینەوە. کانت دەڵێ: "وا بریاربدە (بەکارێک هەستە) کە لە باشترین شێوەیدا بتوانرێ ببێتە یاسایەکی گشتی(جیهانی)". لای کانت لە بریارداندا سێ بنەما سەرەکیە، یەکەم گشتێتی(یونیڤێرسالیتی)، دووەم

هەبوونی ئامانجێکی راشناڵ (عاقڵانە)، سێهەم پێویستە لە کەسێک سەربەخۆیەوە هاتبێ(ئۆتۆنۆمەس). ئەگەر لەم روانگەیەوە لە پرۆسەی دەنگدان لە کوردوستان ووردبینەوە چەند دەرئەنجامێکمان بۆ دەرئەکەوێ. یەکەم یونیڤێرسالیەتێک هەیە بە تایبەتی لە دەنگدان بۆ پەرلەمانی عێراق کە بریارێکە ئەگەر بە ووردی سەرنج لە پێکهاتەکانی بدەین دەبینین ترس و هەستی نەتەوایەتی و گوناە بەرهەمی هێناوە. پرۆسەی بەشداریکردنی کورد لە پێکەوەنانی پەرلەمان و حکومەتی عێراقدا پراوپڕ لە دروستکردنی بت ئەچێ. مرۆڤ کە بتی دروست ئەکرد (لە دونیای ئەمرۆدا ژمارەی بت لە دونیای پێش ئاینە ئاسمانیەکان زۆرزۆرترە بەڵام شێوازی جیایە)، ئەرکی ئەکێشا ماندوو دەبوو، ئازاری ئەچەشت، لە پاشاندا سوژدەی بۆ ئەبرد، لێی ئەپارایاوە، زۆر جاریش لێی ئەترسا. کورد حکومەتێک بونیادئەنێت بۆ ئەوەی لە گەڵیا بکەوێتە گفتوگۆ، ململانێ، ئەگەر رەزامەندی بەدەست گەیشت ئەوا مل کەچی یاساکان، ئەگەر نا رەنگە یاخی بوون، بۆ زیاتر روون بوونەوەی ئەم بۆچونە دەکرێ پەیوەندی کوردو ئەتاتورک لە تورکیا وەیاد بهێنرێتەوە. من لێرەدا مەبەستم لەوە نیە کە کورد نابێ بەشداری بکات، (ئەگەر لە جاراندا مرۆڤ نەیئەتوانی بێ پەرستیارێ بژی، ئەوا ئەمرۆش زۆرگرانە بتوانی بێ حکومەتێ بژیت). بەڵام ئەوەی گرنگە کە دەبێ کورد وەئاگا بێت لەو هەنگاوەی دەینێت. گرنگ ئەوە نیە دەنگ بدەی بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە دەنگەکەت بۆ چ ئامانجێکە، تا چەند دەتوانێ خزمەتی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بکات. دەنگ دان تەنها چالاکیەکی رامیاری نیە، بەڵکو رەهەندی ئەخلاقیشی هەیە. خەڵکی لە رێی دەنگ دانەوە ئەوە دەرئەبرن کە چۆن ئەیانەوە لە گەڵ یەکتردا هەڵس و کەوت بکەن. ئایا زۆرینەی خەڵکی لە گەڵ ئەوەدان کە وا باشە زۆرینەی خەڵک دڵخۆش بن، چونکە وەک لە سۆکراتەوە فێربووین، ئەوەیە ئامانجی دیموکراسیەت. ئەمە ئەمانباتەوە سەر کێشە هەرەکۆنەکانی دیموکراسیەت، کە لە ئەفلاتونەوە بۆمان ماوەتەوە، ئایا چۆن کەسێک لە نێوان بەرژەوەندیە تاکە کەسیەکانی(لە باری ئێستای عێراقدا، دەکرێ بەرژەوەندیە ئێتنی ونەتەوەییەکان و ئاینیەکان) و بەرژەوەندیە گشتیەکاندا هاوئاهەنگیەک پێک ئەهێنێ!

ئەگەر لە بنەمای دووەمی کانت ووردبینەوە (هەرچەندە ئەم تێروانیەی کانت لەلایەن فۆکۆ و ستاینەرو دۆلۆزەوە، ئەوەندەی رەخنە لێگیراوە، کە بەلای هەندێکەوە پچرانێکی مەعریفی لە گەڵیا دروست بووە). بنەمای دووەم، راشناڵێتیە، کە لای کانت بە مانای گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتیش دێت، بە تایبەتی لە گوتاری رۆشنگەری چیە. بۆ تاکی کورد بریاردان بە شێوەیەکی عاقڵانە کارێکی ئاسان نابێ، لە کاتێکا زۆرینەی خەڵک دەنگ بە پارتە ناسراوەکان ئەدەن بۆ هەڵبژاردنی عێراق، لە ناو کوردوستاندا توشی دژایەتی کردن دەبن لە گەڵ خۆیاندا، چونکە هەر هەمان پارتی سیاسی لە ماڵی خۆیدا بەپێی پێویست مامەڵەی لەگەڵا نەکردوە، رێزی نەگرتوە، بە هانایەوە نەچوە. لە کاتێکا ئەگەر بۆ ساتێ ئابوریانە بیرکەینەوە، ئەوا لە ئابوریدا کەسی راشناڵ کەسێکە کە هەردەم بەدوای زیاتر وەدی هێنانی قازانجە بۆ خۆی، لێرەدا قازانج تەنها بەمانای سودی ئابوریانە نایە بەڵکو بە مانای هەموو شتێکی باش دێت کە پەیوەندی بە کەسێکەوە هەیە. چونکە زۆر بە سادەیی وەک لە سەرەوە رونمان کردەوە هەموو بریاردانێک لە دەست دانێکی لە گەڵایە. بۆیە دەکرێ بپرسین، ئایا دەبێ پارتێکی سیاسی نوێنەرێکی باش بێت لە پایتەخت، لە هەمانکاتدا شایستەی نوێنەرایەتیکردن نەبێ لە کوردوستان.

ئەم هەڵبژاردنەی کە لە ساڵی داهاتوودا پلانە بکرێ لە هەموو هەڵبژاردنەکانی تر لە داهاتوودا گرنگ تر دەبێت، چونکە زۆر بەئاسانی ئەرکی نوسینی دەستوری هەمیشەیی وولاتی عێراق لە ئەستۆ ئەگرێ. دەستور کە دەکرێ وا پێناسەبکرێ هەڵبژاردن و چەسپاندنی ئەو بنەمایانە کە لە زۆرترین قازانجی هەمووواندان بۆ ئەوەی بکرێتە دەقێک لە سەرووی هەموانەوە(تا رادەیەک پیرۆز) کە هەردەم بتوانرێ بۆ بگەرێنەوە. بۆیە دەتوانرێ بوترێ کە دەسەڵاتی پەرلەمانی داهاتوو تەنها بۆ ساڵێک نیە بەڵکو بە درێژایی تەمەنی کارکردنی ئەو دەستورە (ئەگەر هەر کاربکات!) درێژەی هەیە. چونکە ئەوانەی لە داهاتودا دێن دەبێ(بە پێی بنەمای دەوڵەتی دیموکراسی) بە بەندەکانیەوە پابەندبن. بۆ کورد ئەو دەستورە گرنگیەکی زیاتری هەیە، چونکە وەک کەمینەیەک ئەگەر لەوێدا(دەستور) مافەکانی زامن نەکرێت ئەوا هەردەم لە بەردەم مەترسیدا ئەبێت.

بەڵام ئامانجی راشناڵ چیە؟ ئایا بۆ کورد ئامانجی کورد ئامانجێکی عاقڵانەیە یان ئامانجی عێراق؟؟ بۆیە ئەگەر بمانەوێ پۆلێنێک بکەین بۆ دەنگەکان ئەوا ئەتوانین بڵێین، دەنگێک هەیە بۆ نەتەوە (دەنگی پەرلەمانی عێراق)، دەنگێک هەیە بۆ دیموکراسیەت(دەنگی پەرلەمانی کوردوستان) وە هەروەها دەنگێکیش هەیە بۆ تاک(دەنگی ئەنجومەنی پارێزگاکان). بەڵام ئایا دەتوانرێ ئەو سیانە لە یەکتر جیابکرێتەوە. ئەگەر تەماشای یەکێک لە پێکهاتە سەرەکیەکانی نەتەوە بکەین کە دیالیکتیکی هەماهەنگی(ناوەوە) و جیاواز(دەرەوە)، ئەوا لە سەر کورد پێویستە لە ناوەوە خۆی وەک یەک یەکە تەماشاکات بۆ ئەوەی لەوی تر خۆی جیاواز ببینێ. بەڵام لەوە ئەچێ لای کورد وانەبێ بەڵکو تارادەیەکیش

بە پێچەوانەوەیە. کورد ئامادەیی تیایە بۆ ئەوەی لە گەڵ عێراقدا هەماهەنگ بێت و لە گەڵ خۆیدا جیاواز. لە کاتێکا ئەزانین کە یەکگرتنەوەی هەردوو پارتەکە لە کوردوستاندا ستراتیژیەت نیە بەڵکو تاکتیکە.

سەرەرای ئەمە مەرج نیە دەنگ چالاکیەکی راشناڵ بێت، بەڵکو لە زۆربەی وولاتە دیموکراسیەکانیشدا زۆر خەڵک کە دەنگ ئەدەن ناتوانن بەشێوەکی راشناڵ بریارەکەیان لێک بدەنەوە. بەپێی چاوپێکەوتنێک لە گەڵ چۆمسکیدا زۆرینەی خەڵک لە ئەمەریکا ناتوانن لێکی بدەنەوە بۆچی دەنگیان بۆ ئەو پارتەداوە کە دەنگیان بۆ داوە(هەروەها بە پێی راپرسێکی گالوپ)!

دوا بنەما لای کانت سەربەخۆبوونە، یان بە مانایەکی تر، کەسێک توانای ئەوەی تیابێت کە بریار بدات بە پێی تێگەیشتنی خۆی. (هەر لەم روانگەیەوەیە لە هەندێ وولات رێ بە ئافرەت نادەن دەنگ بدات، کوێت بۆ نموونە) بەڵام ئەوەی لای کانت جێی پرسیارە ئەوەیە کە ئەم تێگەیشتنە خودیە دەبێ هەردەم لە گەڵ تێگەیشتنی گشتیدا تەبابێت. (بەڵام وا باشە لەم ئیشکالیەتانە خۆمان بەدوور بگرین). دیمۆکراسیەت بەخشینی دەسەڵاتە بە تاک، بەڵام دەتوانرێ واش بیری لێبکرێتەوە کە پرۆسەی دروستکەری تاکە. هەندێک لەو بیریارانەی کە دەربارەی جیاوازیەکانی کۆمەڵگای رۆژهەڵات و رۆژئاوا نوسیویانە، رۆژهەڵات بەکۆمەڵگای خێزان ناو دەنێن و رۆژئاواش بە کۆمەڵگای تاک. بەڵام بە ووردبوونەوە لەم پۆلێنکردنە ئەوەمان بۆ روون ئەبێتەوە کە کێشەکە لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا نیە بەڵکو کێشەی دوو کەلتورە، یەکەمیان کەلتوری ئاینی، کە لە رۆژئاواش داکۆکی لەسەر خێزان ئەکات، وە کەلتوری دیمۆکراسی کە داکۆکی لەسەر تاک ئەکات. بۆیە بە ئاسانی دەتوانم بڵێم ئەگەر دیمۆکراسی هەبێ تاک بەرهەم دێت. با نموونەی خێزانێک وەرگرین کە وا دانێ لە دووبراو خۆشکێک پێک هاتوون. هەر یەک لەمانە کاری جیاوازدەکەن لە بەرئەوە داهاتی جیاوازیان هەیە، بۆیە لە دەرئەنجامدا شێوازی ژیانیان و بەرژەوەندیە تاکەکانیان جیا دەبێت.  یان بەجۆرێکی تر ، ئەو کێشەیەی بۆ ئافرەتەکە کێشەیە رەنگە بۆ پیاوەکان ئەو گرنگیەی نەبێ بۆیە زیاتر چاوەروان ئەکرێ ئافرەتەکە بەجۆرێکی جیاواز لە براکانی دەنگ بدات.  ئەوەی راستە ئەم نموونەیە  رەنگە بە شێوەیەکی تر بێت لە کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکاندا، کە ئافرەتەکە پێی ئەوترێت چۆن دەنگ بدات و پیاوەکانیش هەموویان هەمان شێوە ئیش ئەکەن و تا رادەیەک بەرژەوەندیەکی هاوبەشیان هەیە. ئەوەی ماوەتەوە بڵێین ئەگەر ئێستا کانت لە کوردوستان بێت چۆن دەنگ ئەدات؟